# ڕەگەزپەرستیی ئێرانی: یەکتربڕی نێوان پێکهاتە و بکەرە کۆمەڵایەتییەکان*

داوود عوسمانزادە

”

بەکورتی، بەپێی تیۆریی پێکهاتنی ڕەگەزی، ڕەگەز و ڕەگەزپەرستی لە لایەن پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانەوە دروست کرێن، لە دامودەزگا حکومییەکانی کۆمەڵگادا جێگیردەکرێن و لە ڕێگەی پرۆژەی ڕەگەزییەوە ڕێگەی خۆیان بۆ ئاستی ورد دەدۆزنەوە. بەم شێوەیە واتا و تێڕوانینە ڕەگەزییە دەروونیکراوەکانی لە ژیانی ڕۆژانەدا بەردەوامی بە ژیانی خۆیان دەدەن و کاریگەری لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دادەنێن. بە مانایەکی تر ڕەگەز و ڕەگەزپەرستی لە یەکتربڕینی نێوان پێکهاتە و ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەبن و بەردەوامی بە ژیانی خۆیان دەدەن.

“

## پێشەکی

ساڵی ڕابردوو، ئەنجامی توێژینەوەیەکی فراوان لەلایەن کینگز کالجی لەندەن لەبارەی ئاستی قبوڵکردنی ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ئێمە یان لە نزیک ئێمە دەژین بڵاوکرایەوە(.Duffy et al 2023) . بە پێی دێتاکانی ئەم توێژینەوەیە، کە ژمارەیەک بابەتی جیاواز لە ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی جیهان پێوانە دەکات، لە چەند بوارێکدا ئێران وەک ڕەگەزپەرستترین وڵات دەردەکەوێت. سەرەڕای بڵاوبوونەوەی لێکۆڵینەوەیەکی وەها گرنگ، دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی لە میدیا و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی فارسی - ئێرانیدا نەبوو. ئەمە لە کاتێکدایە کە هەر ڕووداوێکی ئەرێنی لە دوورترین بەشی جیهان، ئەگەر بچوکترین پەیوەندی بە ئێرانەوە هەبێت، بۆ ماوەیەکی زۆر دەبێتە مانشێتی میدیای فارسی زمان و کاریگەری لەسەر زۆرینەی ناوەرۆکە بەرهەمهاتووە فارسییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێت. هەرچەندە ئەم یادداشتە مەبەستی شیکردنەوەی دێتاکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە نییە، بەڵام لێکۆڵینەوەکە بوو بە بیانوویەک بۆ شیکردنەوەیەکی کورتی ڕەگەزپەرستی ئێرانی. لەم یادداشتەدا هەوڵ دەدرێت پەیوەندی دوولایەنەی نێوان پێکهاتەکان و بکەرە کۆمەڵایەتییەکان لەپەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزپەرستیی ئێرانی و بەردەوامییەکەی پێشان بدرێت.

## تیۆری پێکهاتنی ڕەگەزی: یەکتربڕی پێکهاتە و بکەرە کۆمەڵایەتییەکان

تیۆری "پێکهاتنی ڕەگەزی" (Racial For-mation) کە لەلایەن مایکڵ ئۆمی (Michael Omi) و هۆوارد ویننات (Howard Winant) لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە چوارچێوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا پێشنیار کراوە، باس لەو میکانیزمانە دەکات کە لە ڕێگەیانەوە پۆلێنبەندییە ڕەگەزییەکان لەلایەن هێزە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکانەوە پێکدەهێنرێن(Omi and Winant 2012, 304). ئەم تیۆرییە هەردوو فاکتەری ئاستی فراوان، پێکهاتەیی و پرۆسە ئاستی وردەکان کە بەشدارن لە بنیاتنانی پۆلێنبەندییە ڕەگەزییەکان دەستنیشان دەکات. تیۆریی پێکهاتنی ڕەگەزی، بە تایبەتی تەرکیز لەسەر ئەو خاڵە دەکاتەوە کە چۆن مانا و تێگەیشتنە ڕەگەزییەکان ناوەڕۆک و گرنگیی پۆلێنبەندییە ڕەگەزییەکان پێک دەهێنن. بەم پێیە، تیۆری پێکهاتنی ڕەگەزی ڕوانگەیەکی هەمەلایەنە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەگەز و ڕەگەزپەرستی دابین دەکات کە کارلێکی نێوان پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و ئەزموونە تاکەکەسییەکان پێشان دەدات (Omi and Winant 2020, 12).

تیۆری پێکهاتنی ڕەگەزی پێشنیاری ئەوە دەکات کە ڕەگەز، وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، بەهۆی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و نواندنەوە کولتوورییەکانەوە بەرهەم دەهێندرێت. ئۆمی و ئینانت دەڵێن پێکهاتنی ڕەگەزی "پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی-مێژووییە" کە لە ڕێگەیەوە ناسنامە ڕەگەزییەکان، وەک توێیەکی ناسنامەی بەکۆمەڵ، دروست دەبن، بەردەوام دەبن و دەگۆڕدرێن. بە بڕوای ئەوان ڕۆڵی ڕەگەز بە قووڵی لە پێکهاتە و دامەزراوە جۆراوجۆرەکاندا جێگیر بووە و ئەوەیش توێژبەندی و ململانێی سیاسی لێ دەکەوێتەوە (Kandaswamy 2012, 23) ئەوان پێیان وایە حکومەتەکان و دەزگاکانی حکومەت شوێنی سەرەکیی بەرەنگاربوونەوە و ململانێی ڕەگەزیەکانن. پرۆسەکانی پێکهاتنی ڕەگەزی لەلایەک لەژێر کاریگەریی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دان و لەلایەکی دیکەشەوە لەأێر کاریگەریی کلتوور دان. هەردووک لایەنیش، واتە هەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و هەم کلتوور، بەشێوەی جیا، بەڵام لەپەیوەندیی لەگەڵ یەکتردا، ڕۆڵێکی بنەڕەتی

دەگێرن.

لەم تیۆرییەدا چەمکی "پرۆژە ڕەگەزییەکان" (Racial Projects) ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت. پرۆژە ڕەگەزییەکان بریتین لە هەوڵدان بۆ دارشتن و دابەشکردنی سەرچاوەکان بەپێی هێڵە ڕەگەزییەکان. لەم ڕووەشەوە ڕەگەز دەبێتە بەشێک لە عەقڵی گشتی و ڕێگایەکی تێگەیشتن و ڕوونکردنەوە و مامەڵەکردن لە جیهاندا (Omi and Winant 2014, 12-13). پرۆژە ڕەگەزییەکان ئامرازگەلێک بۆ بکەرە کۆمەڵایەتییەکان دابین دەکەن بۆ ئەوەی خۆیان و ئەوانی دیکە لە پۆلێنبەندییە جیاوازەکاندا بناسن و بناسێنن؛ ئەو پۆلێنبەندییانەی کە هیرارشییەکی ڕەگەزییان هەیە.

ئۆمی و وینتات پێیان وایە تێگەیشتنێکی گشتگیر لە پۆلێنبەندیی ڕەگەز و بەم پێیەش ڕەگەزپەرستی، پێویستی بە تێڕوانینێکی یەکگرتوو هەیە. نەگرتنەبەری ڕێبازێکی لەو شێوەیە دەبێتە هۆی تێگەیشتنێکی ناتەواو لە بابەتەکە. بۆ ئەوەی ئەم کەموکورییە شیکارییە ڕوونەدات، نووسەران پێشنیاری دامەزراندنی پەیوەندییەک لە نێوان ڕەهەندە فراوان (ماکرۆ) و وردەکانی (میکرۆ) ڕەگەز دەکەن. ئەوان تێڕوانینێکی جێگرەوە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە دەخەنەڕوو کە بەهۆیەوە پرۆژە ڕەگەزییەکان وەک ئامرازێکی ئایدیۆلۆژی بۆ دروستکردنی پەیوەندییە پێویستەکان کاردەکەن. نووسەران بە پشتبەستن بە تیۆری پێکهاتنی ڕەگەزی، ڕوونی دەکەنەوە کە پرۆژەیەکی ڕەگەزی هەم لێکدانەوە، نواندنەوە، یان ڕوونکردنەوەی داینامیکی ڕەگەزییە و هەم هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی سەرچاوەکان و درێژەپێدانی سەرچاوەکان بەدرێژایی سنوورە ڕەگەزییە گریمانەییەکان. پرۆژە ڕەگەزییەکان بە بەستنەوەی مانای ڕەگەز لە گوتارێکی دیاریکراودا بە ڕێکخستنی ڕەگەزیی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و ئەزموونە ڕۆژانەییەکان، کە لەسەر بنەمای ئەو مانا ڕەگەزییانانە دامەزراون، پەیوەندییە پێویستەکان دروست دەکەن ( Omi and Winant 2002, 124-125).

بەکورتی، بەپێی تیۆریی پێکهاتنی ڕەگەزی، ڕەگەز و ڕەگەزپەرستی لە لایەن پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانەوە دروست کرێن، لە دامودەزگا حکومییەکانی کۆمەڵگادا جێگیردەکرێن و لە ڕێگەی پرۆژەی ڕەگەزییەوە ڕێگەی خۆیان بۆ ئاستی ورد دەدۆزنەوە. بەم شێوەیە واتا و تێڕوانینە ڕەگەزییە دەروونیکراوەکانی لە ژیانی ڕۆژانەدا بەردەوامی بە ژیانی خۆیان دەدەن و کاریگەری لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دادەنێن. بە مانایەکی تر ڕەگەز و ڕەگەزپەرستی لە یەکتربڕینی نێوان پێکهاتە و ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەبن و بەردەوامی بە ژیانی خۆیان دەدەن.

## ڕەگەزپەرەستیی ئێرانی

بۆ دۆزینەوەی مێژووی ڕەگەزپەرستیی ئێرانی پێویستە بگەڕێینەوە پێش دامەزرانی یەکەیەکی سیاسیی بەناو ئێران. لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا نوخبەی حکومەتی قاجار، هاوکات لەگەڵ لوتکەی مێژوونووسی ناسیۆنالیستی و سەرهەڵدانی بیرۆکە ڕەگەزییەکان لە ئەوروپا، ڕووبەڕووی ئەوروپا بوونەتەوە. پێشتر ڕۆژهەڵاتناسان بەستێنە مەعریفییەکان دابین کردبوو. لەم نێوەندەدا نووسینەکانی نووسەری فەرەنسی ئارتوور دی گوبینۆ، یەکێک لە دامەزرێنەرانی تیۆریی ڕەگەزی، و فەیلەسوفی ئەڵمانی فریدریش ماکس مۆلەر کە جیاوازی لە نێوان ئەوروپی و غەیرە ئەورووپیدا دەکرد، زۆر کاریگەر بوون. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا نوخبەی دەرباری قاجار ڕوویان لە نووسەرانی ناسیۆنالیستی ئەورووپی وەک گۆبینۆ کرد کە کتێبەکەی لەسەر ئێران جەختی لەسەر تیۆرییە ڕەگەزییەکانی

باڵادەستی ئاریەکان کردووەتەوە- کتێبێک کە چەندین جار وەرگێڕدرایە سەر زمانی فارسی. دوو ڕۆشـــنبیری قاجـار بە ناوەکانـــی میرزا فەتحعەلی ئاخوندزادە و میرزا ئاغاخان کرمانی بە ناساندنی چەمکی باڵادەستی ئارياييەكان، بـــەردی بناغـــەی ناســـیۆنالیزمی ئێرانیـــان دامەزرانـــد. بازنـــەی بەرلینی ناسیۆنالیســـتە ئێرانییـــەکان، کـــە لـــە ســـەردەمی جەنگی جیهانـــی یەکەمدا پێکهاتبوو، بەشـــێوەیەکی بەرچاو لـــە ژێر کاریگەریی بیـــری ڕەگەزیی ئەورووپیدا بوون. دوای ئاخوندندازادە و کرمانی، بازنەی بەرلین بناغەی فیکریی ناسیۆنالیزمی ئێرانیان دانـــا و کاریگەرییەکی درێژخایەنیان هەبـــوو. لێکدانەوەی ڕەگەزیی بۆ ناســـنامەی ئێرانی لەگەڵ بانگەشەی باڵادەستی ڕەگەزی ئارييەكان/ئاريايیـــەکان و ئەرکـــی مێژوویی بەشارستانیکردنی کۆمەڵگاکان درێژکرایەوە بۆ مێژوو و "ڕۆح"ی ئێران.

گەرچی لە سەرەتادا ڕەگەزپەرستی ئێرانی بەتـــەواوی لایەنێکی نوخبەیـــی هەبوو، بەڵام وردە وردە لە ڕێگـــەی حکوومەتی مۆدێرن و دامەزراوەکانییەوە بوو بە پرۆژەیەکی ڕەگەزی و بەشێک لە ناسنامەی دەستەجەمعی ئێرانی. بەم شێوەیە پرۆســـەی پێکهاتنی ڕەگەزی لە ئێران دامەزرا. لـــەم نێوەندەدا بازنەی بەرلین ڕۆڵێکی جەوهەریان لە پێکهاتن و بڵاوبوونەوە و بەدامەزراوەییکردنی ڕەگەزپەرستیی ئێرانی بینی و دواتر کاریگەریان لەسەر سیاسەتەکانی حکومەت لە سەردەمی پەهلەویدا هەبوو. دوای پێکهێنانـــی دەوڵەتی مۆدێرن لە ســـەردەمی ڕەزاخـــان، پێکهاتنی ڕەگـــەزی دەگۆڕێت بۆ پرۆژەی ڕەگـــەزی. گۆڕینی نـــاوی پارس بۆ ئێران و جەختکردنەوە لەسەر میراتی ئاريايی، ئاماژەیە بـــۆ بڵاوبوونـــەوەی ناســـیۆنالیزمی ڕەگـــەزی ئێرانی/فارســـی لـــە ســـەردەمی ڕەزاخاندا. سیســـتەمی پەروەردەی گشتی و کتێبە دەرســـییەکان پێناسەی ڕەگەزییانەی ئێرانیان بەرەوپێش دەبرد، ئەو سیاســـەتانەی تا ئەمڕۆش بەردەوامن (Soleimani and Os-manzadeh 2022). گرنگیی بازنەی بەرلین و ڕۆڵی جەوهەری لە دروستکردنی ناسیۆنالیزمی ئێرانـــدا لە تیشـــک خســـتنە ســـەر توخمە ڕەگەزییـــەکان دایە. فاکتـــەرە کاریگەرەکانی ئەم گۆڕانکارییە بریتی بوون لە گەڕان بەدوای هۆکارەکانی شکســـتەکانی قاجار، پێویستیی حکومەتی مۆدێرن بۆ بنیاتنانی یەک ناسنامەی نەتەوەیی، بڵاوبوونەوەی ئایدۆلۆژیای ڕەگەزی لە ئەورووپا و کاریگەریی ئـــەم ئایدیۆلۆژیایانە لەسەر دامەزرێنەرانی ناســـیۆنالیزمی ئێرانی، بەدامەزراوەییکردنی بیرۆکەی ناسیۆنالیستیی ڕەگەزیی، و کاریگەریی سیاسەتە نازییەکان و ڕادیۆ زایزن کە لەلایەن وەزارەتی پڕوپاگەندەی ئەڵمانیای نازییەوە بە زمانی فارســـی لە ئێران دەستی بە وەشان کردبوو.

هەڵبـــەت گرنگە ئاماژە بـــەوە بکەین کە تاکە سەرچاوە و دەرکەوتنی ڕەگەزپەرستیی ئێران پەیوەنـــدی بە ئارياييگەرييـــەوە نییە. ڕەگەزپەرستی وەک هەڵاواردن لە دژی گرووپە کۆمەڵایەتییە ڕەگەزێندراوەکان (Racialized Social Groups) یان کۆمەڵگە وێناکراوەکان کاردەکات. لەم ڕووەوە ڕەگەزپەرســـتی هەوڵ دەدات لەسەر بنەمای گوتاری ڕەگەزپەرەستانە هەندێک تایبەتمەندیی کلتـــووری، مێژووی و کۆمەڵایەتی گرووپێکـــی مرۆیی دیاریکراو وەک تایبەتمەندیگەلێکی سرووشـــتی پێناسە بکات. پاشـــان هەوڵ دەدات کۆمەڵەی مرۆیی هاوچەشن دروست بکات و ئەم تایبەتمەندییە بەسرووشتکراوانە بەسەر تاک بە تاکی کۆمەڵە مرۆییەکاندا بسەپێنێ. دواترئەم تایبەتمەندییە بـــە سرووشـــتیکراوانە دەکرێنـــە پێـــوەری پلەبەندییە مرۆییەکان و گرووپە مرۆییەکانی لەســـەر دابـــەش دەکات. ڕەگەزپەرەســـتی کەڵـــک لە گوتاری ڕەگـــەزی وەردەگرێت بۆ دروســـتکردنی گرووپی هاوچەشـــن لەســـەر بنەمـــای جیاوازییە سروشـــتی و کولتوورییە کلێشەیی و جەمســـەرگیرییەکان دامەزراون.

پاشان ئەم جیاوازییانە پلەبەندی دەکرێن و بە شێوەیەکی نەرێنی هەڵدەسەنگێندرێن. دواتر گوتاری ڕەگەزی ئەم جیاوازییانە بە سروشتی دەکات و بە تایبەتمەندییە بەرواڵەت زگماکیەکانەوە دەیانبەستێتەوە و جیاوازیی دەسەڵات و هەڵاواردنی پێ پاساو دەداتەوە. ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی بەسروشتیکردنە، تایبەتمەندییە جێگیر و نەگۆڕەکانی پەیوەست بە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی، کولتووری یان دەروونییەکان لەخۆدەگرێت (Wodak & Reisigl 2015, 578-579). بە پێی ئەم پێناسەیە، لە پرۆسە یە کی کۆمە ڵایە تی- مێژوویی لە کاتی پێکهێنانی ڕە گە زیدا، ئێرانییە کان بیرۆکە یە کی ناسنامە ی بە کۆمە ڵیان دەروونی کردووە ، کە تیایدا - لە ژێر کاریگە ریی گێرانە وە ی باڵادە ستیی ڕە گە زیدا - ئێرانییە کان خۆیان وە ک بوونێکی تاک، تایبە ت، جیاواز و باڵاتر لە ئە وانی دیکە، واتە غەیرە ئێرانییەکان، پێناسەیان کردووە و لەژێر کاریگەریی ئەم ئایدیۆلۆژییە ڕەگەزییە پێیان وابووە هەندێک تایبەتمەنیی بان مێژوویی و زاتیی تایبەت بە خۆیان هەیە. بەلەبرچاوگرتنی پێناسەکانی ناسنامە و پێویستیی هەبوونی 'ئەویتر/ئەوانیتر' بۆ 'خود'، لەم پێناسەیەی ئێرانییەکان لەخۆیان کردووە، ئەوانیکیتری پەستتریش وێنا و پێناسە کراون کە بەپێی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی ڕەگەزپەرەستانەی ئێرانی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی جێگیر، نەگۆڕ و زاتیی نەرێنی و خراپیان هەیە کە تێپەڕینی کات کاریان لێناکات. کەواتە، لە تێگەیشتنی ڕەگەزپەرستیی ئێرانیدا، ئەویتر نەک هەر تایبەتمەندییە زاتیی و سرووشتییەکانی ئێرانییەکانی نییە، بەڵکوو کۆمەڵێک تایبەتمەندیی نەرێنیی زاتی و نەگۆڕیشی هەیە.

لەم ڕووەوە ناسیۆنالیزمی ڕەگەزی ئێرانی/فارس بە پەنابردن بۆ پرۆژەی ڕەگەزی وەک ئامرازێکی ئایدیۆلۆژی لە لایەک و سیاسەتی کۆلۆنیالیستی لە لایەکی دیکە، سەرچاوەی جیاوازیی ئابووری، سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتی بە درێژایی سنووره گوماناوییە ڕەگەزییەکان دابەش کردووە. بۆ نموونە سامانە سروشتی و سەرمایە جۆراوجۆرەکانی بەلوچستان و کوردستان و نەتەوەکانی تری غەیرە فارس لە لایەن یەکەی کۆلۆنیالی ئێرانی فارسییەوە تالان دەکرێن و لە ئێران وەبەرهێنانیان بۆ دەکرێت. توانای پاساوهێنانەوە بۆ ئەو جۆرە تاڵانکردنە لە لایەن پرۆژە ڕەگەزییەکانەوە دروست دەبێت، کە وەک ئامرازێکی ئایدیۆلۆژی نەک هەر بەستێن بۆ قبوڵکردنی ئەم تاڵان و ڕووتاندنەوەیە دەڕەخسێنێت، بەڵکوو وا دەکات وەک شتێکی قبوڵکراو و خوازراو و سروشتیش دەربکەوێت.

ڕەنگە بکەرانی ئێرانی لە کاتی بیستنی ئەو بانگەشەیەی سەرەوە بشڵەژێن و نکوڵی لێ بکەن. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەم سامان و سەرمایە سروشتیانە لە لایەنەکانی کۆنکرێتتر. بە واتایەکی تر ڕەنگە شتی وا لە دەرەوەی تێگەیشتن و سیستەمی مانایی ئەو ئەکتەرە ئێرانییانە ڕووبدات. بەڵام ڕێگایەک هەیە بۆ تاقیکردنەوەی ئەو بانگەشەی پێشتر باسمان کرد کە لە تێڕوانینی ئەو چالاکە ئێرانییە تێدەپەڕێت و ئەویش ڕووبەڕووبوونەوەی چالاکانی ئێرانییە لەگەڵ مافی دیاریکردنی چارەنووسی غەیرە فارسەکان. بە واتایەکی دیکە لەڕێگەی پرسیار لە مافی سەروەریی سیاسیی نەتەوە ژێردەسکراوەکانی جوگرافیای سیاسیی ئێران لە بکەریی ئێرانی دەکرێ بانگەشەکانی سەرەوە تاقی بکرێنەوە . لەبەرئەوەی پرسیارێکی لەو جۆرە تێگەیشتن و سیستەمی مانایی بکەرە ئێرانییەکان، یان بە واتایەکی تر، سەرچاوە و تەکوزی گوتار، دەرگیر دەکات، تاقیکردنەوەیەکی گونجاوە بۆ سەلماندنی پرۆژە ڕەگەزییەکانی ئێران.



https://www.sophe.org/news/end-racism/

ئەو نموونانەی بە روونی هەبوونی پرۆژەی ڕەگەزی لە ئێراندا نیشان دەدەن زۆرن. هێرشی ئێرانییەکان بۆ سەر ئاڵا و سیمبولەکانی کوردستان لە بزووتنەوەی ژینا لە دایاسپۆرا، هەڕەشە و بێڕێزی بە کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، شێوازی ڕووماڵی میدیایی پێشهاتەکانی کوردستان لەلایەن ئێرانییەکانەوە، سیاسەتی ناولێنان و چۆنیەتی ئاماژە بە ناوی ژینا، شێوازی نواندنەوەی پێشهاتەکانی کوردستان لە میدیاکانی ڕۆژئاوادا لە لایەن ئێرانییەکانەوە، ئارگومێنتی میوانانی شەبەنگە سیاسییە جیاوازەکانی ئێران لەسەر تۆڕە فارسییەکان بۆ دژایەتیکردنی مافە سەرەتاییەکانی نەتەوە ژێردەستکراوەکانی غەیرە فارس، شیکردنەوە و لێکدانەوەکانی مامۆستایانی زانکۆکانی ئێران و ڕۆشنبیرانی ئێرانی لەسەر بارودۆخی کوردستان، ڕەتکردنەوەی بەکارهێنانی وشەی نەتەوە بۆ ئاماژەکردن بە غەیرە فارسەکان و هتد.

ئەم نموونانەی سەرەوە و سیاسەتەکانی حکومەتە جیاوازەکانی ئێرانییەکانی لە یەک سەدەی ڕابردوودا خاوەن خاڵێکی هاوبەشن و ئەویش هەبوونی ڕەگەزپەرستیی ئێرانیی لە هەردووک جەمسەریی بەردەوامییەکەدایە. لەلایەکەوە، دەسەڵاتی سیاسیی لەڕێگەی هەموو دامەزراوەکانییەوە مانا و تەعبیری ڕەگەزپەرستانەی لە خۆی و ئەویتر/ ئەویترەکانی پێناسە و جێبەجێ کردووە. لە لایەکی دیکەیشەوە، بکەرە کۆمەڵایەتییەکان، لە ئاستی جیاوازدا، ئەم تێگەیشتن و پێناسە ڕەگەزپەرستانەیان لە ڕەفتارەکانی خۆیاندا پیشان داوە. بەم شێوەیە ڕەگەزپەرستیی ئێرانی لە خاڵی بەیەکگەیشتنی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ بکەرە کۆمەڵایەتییەکان مانا دەدات، و درێژە بە ژیانی خۆی دەدات.

*. ئەم وتارە پێشتر بە زمانی فارسی لە ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

## سەرچاوەکان


Duffy, Bobby, George May, Kirstie Hewlett, James Wright, and Paul Stoneman. "Love thy neighbour? Public trust and acceptance of the people who live alongside us." (2023).

Kandaswamy, Priya. "Gendering racial formation." Racial formation in the twenty-first century (2012): 23-43.

Omi, Michael, and Howard Winant. "Racial formation rules." Racial formation in the twenty-first century 302 (2012).

Omi, Michael, and Howard Winant. "Racial formation." In The new social theory reader, pp. 405-415. Routledge, 2020.

Omi, Michael, and Howard Winant. "Racial formation." In The Race Critical Theor145ies: Text and Context, pp. 123-. Blackwell, )2002.

Omi, Michael, and Howard Winant. Racial formation in the United States. Routledge, )2014(.

Soleimani, Kamal, and Davoud Osmanzadeh. "Textualising the ethno-religious sovereign, history, ethnicity and nationalism in the Perso-Islamic textbooks." Nations and Nationalism 28, no. 3 (2022).

Wodak, Ruth, and Martin Reisigl. "Discourse and racism." The handbook of discourse analysis (2015): 576-596.